# کەسێتیی و بیری رەخنەیی و نەتەوەیی

## شاعیری کورد   مەمەنداغای فاني


## نووسینی د. کەمال میراودەلی


## بەشی هەشتەم

## دەردە سەرەکییەکانی کورد

1. دەردی دەردان : نەزانی

وێرانکەری نیشتمان و دارزێنەری مرۆڤی کوردە. قفڵی زمانە. زنجیری دەستی داگیر کەرانە، کورد دەکا بە خۆ خۆر، بە دەروێش، بە گا و گۆڵ، بە ژێردەست، هتد.

نەزانیی دوژمنی خوێنرێژی گەلتە
نەزانیی لابەری گەنجی ئەمەلتە
نەزانیی بۆتە هۆی قفلێ زمانت
نەزانیی تێکی داوە نیشتمانت
نەزانیی رێگرە بۆ رێگەی بەرەو پێش
نەزانیی کوردەکانی کردە دەروێش

نەزانیی نیشتمانی تۆی خەرا کرد
نەزانیی کوردی گوردی بێ نەوا کرد
نەزانیی ئاگری بەردایە ماڵت
نەزانیی بوو شکانی قاچ و باڵت
نەزانیی جەرگی کوردی کردووە کون کون
نەزانیی ختیە ژێر چاپۆکی دوژمن.

فانی روونی دەکاتەوە مەبەستی لە نەزانیی نەزانی  تەنێ نەخوێندەواری و بێ سەوادی نییە.
دەشێ کەسێ خوێندەوار بێ، مامۆستا بێ، نووسەر بێ فسفسپاڵەوانی سیاسەت و مۆدێلی بیر بێ، یا پێشمەرگە بێ بەڵام هێشتا نەزان بێ. وەزیرێك کە شارەزاییی لە کارەکانی وەزارەتەکەیدا نەبێ , نەزانە. سەرکردەیەك ستراتیژ و  بەرنامەو  بەهرەی نەبێ, نەزانە, بەرێوەبەرێ کاری بەرێوە بردن نەزانێو نەزانەو هتدز
زانایی لای فانی جیهانبینی یە.

ناسینی خۆت و کۆمەڵ و جیهانە.
بوونی روانگە و بەرنامە و ستراتیژی ئاشکرایە بۆ سەربەخۆیی وڵات و شارستانیکردنی کۆمەڵ.
گەر زانین و رۆشنبیریی بەم ئامانجانەوە نەبەسترێنەوە و نەبنە هێز و پاڵنەر بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە واتە نەبن بە(کاریگەریی) پراکتیکی و بیریی بەرامبەر بە دەسەڵاتی داگیرکردن و کۆنەپەرستیی، ئەوە زانین و رۆشنبیری نییە, ئەوە نەزانینە. نەزانانیش چی بکەن و چی بڵێن هەر کوێرن و خۆشیان و گەلیشیان بەرێگای نەهات و کوێرەوەریدا دەبەن:

لاوی نابینا لە رێگەی هەوڵ و مەیدانی خەبات
چی بزانی، چی بنووسێ، چی پەیدا کا، چی بکات
، هەروەك و کوێرێکی بە ستەزمانە رۆژی کارەسات
رێبوارن جاهیلان ئەمجا لە سەر رێگەی نەهات !

ئەگەر میللەت هەمووشی پێشمەرگە بێ و چەك هەڵگرێ، ئەوە نرخی نییە ئەگەر بەدوای سەرۆکانی جاهیل یان خائین بکەوێ و خۆشی نەزانێ چۆن و بۆچی دەجەنگێ. چەکی میللەتی جاهیل چاکەو بەرژەوەندی هێزی داگیرکەرانێتی:

تفەنگ و خەنجەری کۆمەڵ لە بۆ کوشتاری خۆیە و بەس
سیلاحی میللەتی جاهیل، صیلاحی هێزی ئەغیارە.

2. تایەفە تایەفەگەری و قەبیلایەتی و ناوچەگەریی وخۆخۆریی کوردی ژێر دەستەی بێگانە و خاکی دابەش کردووە :

تایەفە تایەفەیە کوردو هەمووی صنددی یەکە
واسیتەی جەهلە کەوا جوملە لەیەك هاڵاوە
*******
ئەم قەبیلایەتییە تێکیدا بناغەی کوردییەت
یەك دەبێژێ سوێسنیم و یەك دەبێژێ مامەشین
لەم رەفیقانە ئەگەر یەکیان بفەو تێنێ عەدوو
جەژنی شادیمانە یەك یەك وەك درەختی بێگەشین
وا لەسایەی تەربیەت بێگانە چوون بۆ ئاسمان
ئێمە ئێستەش بێخەبەر وەك کۆرپە ساوای باوەشین
وا لەبەینی (ع وع و تێ ) دا لەبەر زۆری نیفاق
ئێستە سەر گەردان و بێ دەرمان و دابەش دابەشین
******

مەبەست لە ع وع و تێ :عەرەب و عەجەم و تورکە.

3. سیستمی دەرەبەگایەتی و ئەو جیاوایە چینایەتیە گەورەیەو بێدادیی وناهەقییەی بەرامبەر خەڵکی چەوساوە و درووستی کردووە:

لەبەر زەوتی زەوی و دێبەر لە خاکی کوردەوارییدا
یەکێ دارایە نۆسەدیان رەواڵ و رووت و ئاوارە
لە باغی کامەرانیدا گەلان گوڵ چین و کوردی من
هەتا سینەی قوڕی زیللەت , هەتا سەر نەشتەری خارە.

4. سەرانی نەزانی کورد گەورەترین بەڵاو رێگری پێشکەوتن و دادو شارستانێتی و سەربەخۆیی کوردستانن:

هەر گەلێ سەرکردەی نەزان و خۆپەرست و ئیحتیکاری بێ, بەشی دواکەوتن و ژێردەستی بێگانەیە فانی باسی تاکە تاکەی سەرۆکان ناکا, باسی مودێل و (چەشنی) سەرۆکانی کورد دەکا کە نەزانی و خۆپەرستی و تەماع گومڕاکەریانە:

مەپرسە مایەیی پەستی ژیانی گەل کێیە
لغاوی ئەسپی ریئاسەت بە دەستی نادانە

★★★★★

نێزیکە لەسەر حیرصی سەرۆکانی گەلی کورد
یەکجارە لە کوردان بدرێ بەڕقی فەنایێ

★★★★★★

ئەی مەرد گەرچی سەرۆکی ئێمە حوکمی نافیزە
رۆژ هەتا شەو غەدرە پیشەی, بۆچی شەو تا ڕۆژ دزە

★★★★★★

سەرۆکی ئێمە رۆژ وشەو نەزانی و جەهلە مەنزووری
کەسێ ناکەس وەزیری بێ وەکو عیفریتی لاسارە

★★★★★★★

چەرچڵ و رۆزفڵت خەریکی راوی غایەن ڕۆژ و شەو
گەورەکەی ئێمەش بەبێ خەم پرچی پوور نەخشینی گرت

★★★★

بەتایبەتی لەم سێ بەیتەی خوارەوە دا فانی سێ سیفەتی چەشنی ئەزەلی لە بەناو سەرکردانی کوردا دەسنیشان دەکا:

1. داوایی ئینفیراد: واتە خۆ جیاکردنەوە وەك تاکە سەرۆك و قبووڵ نەکردنی  هیچ یاریدەر و سەرکردایەتییەکی بە کۆمەڵی دیموکراتی.

2. ئەنجامی ئەمە ئەوەیە باڵ و قۆڵی گەلیان شکاندووە و خستوویانەتە ژێر دەستی دوژمنەوە .

3.  زۆر جار ئەوەندە بێ ویژدان و بێ کەرامەتن کە بۆ سوودی شەخسی خۆیان ئامادەیی ئەوەیان هەیە گەلی خۆیان تێکبەردەن و شەڕی ناوخۆیی بەرپابکەن و  هەزاران بکەنە قوربانی شەڕی زەعامەتی خۆیان.

4. ڕێگای هیچ جەدەل و دایەلۆگێی دیمۆکراسی نادەن و هەمیشە لافی ئەوە لێ دەدەن کە ئەوان هەر خۆیان هەن و گەلی نەزان و خۆنەناسیش دەخەنە ناو گێژاوی ئەو ئاخاوتنە گەلکوژەی خۆیانەوە:

پۆلی سەرۆکی ئێمە بەداوایی ئینفیراد
قۆڵی ژیانی ئەم گەلەیان خستە ژێری قەل
بۆ سوودی شەخسییە کە لەهەر لا سەرۆکی کورد
 دێنێ بە نووکی گوللەی جەور , ئینقیراچی گەل
دایم بە لافی من هەم و کەس غەیری من نییە
ئەم قەومە خۆ نەناسەیە هەستاوە بۆ جەدەل.

4. نەبوونی ئاشتی و ئاسایشی کۆمەلایەتیی و سیاسیی:

ئاشتی و ئاسایش یەکەم مەرجی ژیان و زەمینە و سەرمایەی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و زانستی گەلانن. کورد لەوەتی هەیە بە دەردی نەبوونی ئاسایش گرفتارە و ئەمەش ڕێگەی دەمەزراندنی بناغەکانی شارستانێتی و پێشکەوتنی شاریی و کولتووریی و زانستی لێگرتووە و لە جوغزی دواکەوتن و دووبەرەکی و خۆخۆریدا هێشتوویەتیەوە. نە دواکەوتن و  ڕێگای تەبایی و هاوکاری و یەکێتی نەتەوەیی داوە، نە داگیرکردن بواری ئازادبوون و دروست بوونی ژێرخانی ئابووری و کولتووری سەربەخۆی داوە. جگە لەمەش  کۆلۆنیالیزمی داگیرکەر بۆتە هۆی کوشتن و بڕین و لەناوبردنی بە کۆمەڵ:

ژیانی بێ ئەمن و ئاسایش لەسەرشانی ژیان بارە
درێغا کوردی بێ **گالع**، بە ئەم ژینە گرفتارە
گوتم قانوون گوزاری عەدل وئاسایش کوا ؟ چی بوو؟
دەڵێن گۆڕاوە ئەم قانوونە دەوری جەوری زۆردارە

5. داگیر کردن و کۆلۆنیالیزم :

فانی هەر زوو تەماعی دەوڵەتە بەهێزەکان بۆ دەستبەسەراگرتنی سامانی نەوت  بەهێزێکی جیهانیکار دادەنێ. لەبەر ئەوەی کوردستانیش پڕ لە نەوت و  کانگەی سروشتییە ئەوە بۆی بۆتە بەڵاو داگیرکەران لەدەوری خڕدەکاتەوە، هەر وەکو چۆن ڕێوی کەوڵی خۆی لێ دەبێتە بەڵا :

هەر وەکو ڕێوی کە کەوڵی خۆیەتی دوژمن بەخۆی
نیشتمانی پڕ لە کانی کوردە بۆ کوردان بەڵا

هەر ئەم هەوڵەی گەلانی دەسەلاتدار و ئیمپریالیستی دنیایە بۆ گەڕان بە دوای سەرچاوەی ئابووری و بازاڕدا کە لە سەردەمی ( سەدەی بیست دا) لافاوی سیاسەتی کردە دیاردەیەکی جیهانی کە هەموو گەلانی بێ کەشتی زانست و کار دەبنە قوربانی:

ئەم عەسرە عەسرێکە کە لافاوی سیاسەت
بۆ فەوتی نەزانان لە هەموو لاوە دەدا جۆش

کوردستان خاکێکی خۆش و پڕسامان و بەرهەمە. بەڵام کۆلۆنیالیزم ((داگیر کردن)) هەموو جۆرە پیشکەوتنێکی کۆمەڵگای کوردی وەستاندووە. لەماوەی سەدان ساڵی داگیر کردنی عوسمانیو دوایی عەرەبیدا  باشووری کوردستان هیچ ڕێگە و قوتابخانە و خەستەخانە و ئاو و کارەبا و بەرنامەی یارمەتی کۆمەڵایەتی و دەستگرتنی هەژارانی , بە خۆیەوە نەدی:

ئەم نیشتمانە خۆشەی پڕ نەوتی وەك تەڵایە
هەر لادەچی زەمینی وەك باخی دڵ گوشایە
لێی نێژراوە تووتن گەر  دەشتە گەر چیایە
خۆ گەنم و جۆ و برنجی مەشهووری ئاسیایە

کوا بۆ ژینی ئێمە لەو گەنجە بێ ژمارە
چی دانراوە تەنیا هەر ئاخە هەر جەخارە

کوا ڕێگە، کوا مەداریس، کوا ژووری خەستەخانە
کوا ئاو و کارەبا، کوا دەستگرتن و ئیعانە
مردن هەموو بەلاتیی ئەم کوردە قارەمانە
هەر مەینەتە و کەشاکەش هەر ژانە ئەم ژیانە
نامەوێ لەمەولا بەم جۆرە رابوێرین
گەر ئاشتی نەما شەڕ کوردین و بەچکە شێرین.